# دەستوری هەمیشەیی عێراق لەنێوان چەكوشی ئەمریكا و سندانی مقاوەمەتدا

ئەبوبكر ئەحمەد سلێمان
bahman@planet.nl

**سەركەوتنی ئەمریكالەجەنگی عێراقدا دەبێتەهۆی وەرچەرخانێكی گەورەوگرنگی مێژوویی لەمعادەلاتی سیاسی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەبەرژەوەندی ئەو وڵاتەوهەروەهادەبێتەهۆی تێكشكاندنی ستونی فەقەراتی مقاوەمەتی ڕەقیبەكانی ئەمریكالەسەرتاسەری جیهان وناوچەكەدا ، هەربۆیەش شكەست پێهێنانی ئەمریكالەجەنگی عێراقدا وپوچەڵ كردنەوەی ستراتیژیەت وئامانجەكانی ئەم جەنگە ، بۆتەهەدەف وئامانجی سەرەكی تەواوی ڕەقیبەكانی ئەمریكالەسەرتاسەری جیهان و لەناوچەكەشدا ، هەموئەو وڵاتانەی كەهەرلەسەرەتای جەنگی عێراق وە دژایەتی سیاسەتی ئەمریكایان دەكردسەبارەت بەداسەپاندنی ئەوجەنگە بەسەرعێراق وناوچەكەدا ، هەرلەئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەنمونەی چین وڕوسیاوەبگرەتادەگاتەبەشێكی زۆرلەدەوڵەتانی ئەوروپاودەوڵەتانی دراوسێی عێراق {توركیاوئێران وسوریا}وسەرجەم وڵاتانی عەرەبی ، هەموموخالیفەكۆن وتازەكانی جەنگی ئەمریكالەدژی عێراق بەشێوەیەك لەشێوەكان ئەمڕۆهاوكاری بەرهەڵستی كاران ومقاوەمەتی چەكدارانەی عێراقی یەكان دەكەن بەمەبەستی پێش گرتن لەسەركەوتنی ئەمریكالەوجەنگەدا .**

**ئەمریكابۆئەوەی بەربەهێرشی پێچەوانەی ڕەقیبەكانی خۆی بگرێت ولەمەترسی تێكشكانی ئایندەوئەنجامەكانی ئەوجەنگەدەربازبێت ، لەڕێگای سەپاندنی فشارێكی توندی دیپلۆماسی یانەبەسەرهێزەسیاسی یەكانی عێراقدادەیەوێت سازش وتەنازلی سیاسی لەنێوان ئەحزابی شیعەوسونەوكوردەكاندابچەسپێنێ وبەزوترین كات سەركەوتنی سیاسی خۆی لەجەنگی عێراقداڕابگەیەنێ ، پێ دەچێت بۆئەومەبەستە ، كەم كردنەوەلەداخوازی شیعەكان سەبارەت بەپەیوەندی دین ودەوڵەت وسازش لەگەڵ هێزەكانی بەرهەڵستی كارومقاوەمەتی عێراقی دابەمەبەستی بەشداری ڕاستەقینەی عەرەبی سونەلەپرۆسەی سیاسی ودەوڵەتی ئایندەی عێراقداودواخستنی چارەسەری كێشەی كەركوك ولابردنی داخوازی یەكێتی ئارەزومەندانەسەبارەت بەناسنامەوهەیكەلی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵی كەمەتڵەبی سەرەكی هێزەكوردستانیەكانە ، پلانی سیاسی و پێشنیاری ئەمریكابێت بۆبەیەك گەیاندنی هێزەسیاسی یەكانی عێراق بەمەبەستی پێشخستنی پرۆسەی سیاسی وچارەسەری كێشەی دەستوری هەمیشەیی عێراق .**

**جەنگی جیهانگیری وسەرتاسەری ئەمریكاوەك گەورەهێزێكی سەرمایەداری جیهانی ، بەمەبەستی كۆنترۆڵ كردن ودەست بەسەرداگرتنی سەرچاوەكانی كەرەستەی خاوی بەرهەم هێنان ، لەژێرپەردەی دیماگۆگیانەی شەڕی تیرۆریزم ودیفاع لەئازادی ودیموكراسی بەتوندی ڕوبەڕوی نارەزایەتی ومقاوەمەتی ڕەقیبەكانی دەبێتەوەلەسەرتاسەری دونیادا ، دوای 2 ساڵ تێ پەڕبون بەسەر ڕوخانی ڕژێمی بەعسدا و 6 مانگ بەسەرهەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقدا ، تائێستاش هێزەكانی ئەمریكاودەوڵەتی عێراق نەك هەرنەیان توانیوەكۆتایی بەیاخی بونی پاشماوەكانی ڕژێمی لەناوچو ومقاوەمەتی تیرۆریستان بێنن لەعێراق ، بەڵكوكاری توند و تیژی ونەبونی ئەمنیەت وئارامی لەم وڵاتەدا ڕۆژانەڕولەزیادبونە ، بەپێی هەواڵەكانی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق لەسەرەتای جەنگی عێراق وەتاكوئێستازیاترلە25000 لەخەڵكی عێراق و 1731 سەرباز وكارمەندی ئەمریكی لەعێراق كوژراون وژمارەی بریندارەكانیش تائێستانامەعلومە ، بەپێی ئەم ڕێژەیە هەموڕۆژێك زیاتر لە 10 كەس لەخەڵكی عێراق و 2 سەربازی ئەمریكادەكوژرێن ، بەپێی هەواڵەكانی**

کەناڵی { سی ب ئێس و ڕۆژنامەی نیۆرك تایمس } لەڕاپرسی یەکدا 60% لەخەڵکی ئەمریکا پێیان وایەئەوزاعی سیاسی ئایندەی عێراق لەبەرژەوەندی ئەمریکادانابێت و داوای پاشەکشەی هێزەکانی ئەو وڵاتە دەکەن لەعێراق ، کارلن لیفن کەسناتۆرێکی دیموکراتەکانەو بەرپرسی دوهەمی هێزەچەکدارەکانی ئەمریکایەلەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا ، لەگەڵ کۆمەڵێك لەسناتۆر وپەرلەمانتارانی دیکەی ئەو وڵاتە ، داوای ئەوەدەکەن کەفشارێکی توند بخرێتەسەردەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عێراق کەبەپێی بەرنامەویاسای دەوڵەتی کاتی پابەندی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی سیاسی بن و دەستوری هەمیشەیی عێراق لەکاتی دیاری کراوی خۆیداوبەبێ دواکەوتن بنوسرێتەوە ، هەرئەم سەرچاوەیەڕای گەیاندوە ئەگەرعێراقی یەکان سازش وئاسان کاری بۆیەکتری نەکەن لەپرۆسەی سیاسی ئەو وڵاتەداوڕێزلەوادەی دیاری کراوی نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی وهەڵبژاردنەکانی داهاتونەگرن ، ئەوادەوڵەتی ئەمریکاچاوبەبڕیاری مانەوەی هێزەکانی خۆی دا دەخشێنێتەوە لەعێراق ، ئەگەرچی ئەمریکالەئێستاداناتوانێت ئەم گوتارانەجدی وپراکتیزەبکاتەوەوبەبێ بەدەست هێنانی سەرکەوتنی تەواولەوجەنگەداهێزەکانی خۆی لەعێراق بکشێنێتەوە ، کەئەنجامەکەی دەبێتەهۆی دۆڕانی ئەوجەنگەوسەرکەوتنێکی گەورەیەبۆ ڕەقیبەکانی ئەمریکالەناوچەکەدا ، بەڵام لەگەڵ هەموئەوانەشدا نیگەرانی بەشێکی زۆرلەسناتۆروپارلەمانتارانی ئەمریکا سەبارەت بەڕەوشی سیاسی ئێستای عێراق نامەیەکی فشارئامێزی توندەبۆسەرهێزەسیاسی یەکانی عێراق کەدەبێ بەزوترین کات کێشەکانی خۆیان یەکلابکەنەوەولەکاتی خۆیداوبەپێی بەرنامەی ڕاگەیاندراو پرۆسەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەعێراقدا بچێتە پێش .

دەنگی ڕاڕەزایەتی ونائومێدی سەبارەت بەگومانی سەرکەوتنی ئەمریکالەجەنگی درێژخایەنی عێراقدائەمجارە بەشێوەیەکی بەرفراوان کەوتۆتەناوخوودی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئەمریکا ، ئەم کێشەیەبۆتەهۆی مشتومڕێکی جددی لەنێوان پارلەمانتاران وکۆنگرێس وئەنجومەنی پیران سەبارەت بەئایندەی عێراق وئامانجەکانی ئەوشەڕە ، ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابوردو 23-6-2005 لەدوکۆبونەوەی ڕەسمی داکەبۆ هەردولیژنەی سەربازی سەربەئەنجومەنی پیران وکۆنگرێس ڕێکخرابو ، بەئامادەبونی ڕامسفێلد وەزیری بەرگری وجەنەڕاڵ ئەبوزەید سەرکردەی هێزەچەکدارەکانی ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، لەوڕوبەڕوبونەوەیەدا وەزیری بەرگری ئەمریکا داخوازی پاشەکشەی هێزەکانی ئەو وڵاتەی لەعێراق ڕەت کردووەوئەو وتی ئەمریکالەم شەڕەدا نەدۆڕاوە ، لەبەرامبەر قسەکانی ڕامسفێلد جەنەڕاڵ ئەبوزەیدکەسەرپەرشتی هێزەچەکدارەکانی ئەمریکادەکات لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، دانی بەوەداناکەچالاکی یاخی بوان وتیرۆریستان لەعێراق بەهێزوبەردەوام چەکدارانی بیگانەبەژمارییەکی یەکجار زۆروبەئامانجی مقاوەمەت لەدژی هێزەکانی ئەمریکادەڕژێنەناو عێراق وە ، سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆندولیزەڕایس لەسەرەتای ئەم مانگەدابۆ عێراق وهەروەهابانگهێشتی ئیبراهیم جەعفەری لەهەفتەی ڕابوردودابۆ واشنتۆن ، پەیوەندی هەیەبەچەسپاندنی پلان وبەرنامەی نوێی هاوبەش وەك هێرشێکی پێچەوانەلەبەرامبەرمەترسی وهەڕەشەی ڕەقیبەکانی ئەمریکالەعێراقدا ، بەمەبەستی کۆنترۆڵ کردنی کێشەکانی ناخۆ وپێشخستنی پرۆسەی سیاسی لەو وڵاتەدا .

**2005-6-29 هۆڵندا**

**سەرچاوە**

شبكةأعلام العراق للجميع.